www.kurdistannet.org
1-11-2007 0:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەردی سەلاح لەراگری کۆلێجەکەی دەدات ... لە رۆژنامەی ئاوێنەوە**

هەردی سەلاحی گۆرانیبێژ کە ئێستا خوێندکاری بەشی موزیکی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی هەولێرە، لەراگری کۆلێجەکەی داوەو لیژنەی ئینزیباتی قوتابیانی کۆلێجیش لێکۆڵینەوە لەو کێشەیە دەکات. هەولێر، ئاوێنە: سەرۆکی بەشی موزیکو سەرۆکی لیژنەی ئینزیبات لەکۆلێجی هونەرەجوانەکانی هەولێر، د. محەمەد عەزیز زازا لە لێدوانێکدا بۆ ئاوێنە رایگەیاند «تا ئێستا کۆبوونەوەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە کردووەو دواتر دانیشتنی تریش دەکەینەوە بۆئەوەی بزانین چی دەکەین، بەلآم تا ئێستا هیچ شتێك نەکراوە». رووداني ئەم كێشەیە لەكاتێكدایە كە زۆربەی خوێندكاران باس لەخراپی هەڵسوکەوتی هەردی دەکەن لەناو کۆلێجەکەدا. ئاوێنە چەند جارێك هەوڵیدا رای هەردی یان کەسە نزیکەکانی لەسەر ئەم کێشەیە وەربگرێت، بەلآم هەوڵەکان بێئەنجام بوون.

روداوەکە رۆژی 10/27 لەناو کۆلیژەکە رویداوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.